**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٤

٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و چوارەم

---

چاپی یەکەم ٢٠٠١

# پێڕست :


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک ........ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ........ ل٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ........ ل٧١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ........ ل٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ........ ل١٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ........ ل١٠٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ........ ل١٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ........ ل١٧٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ........ ل١٩٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ........ ل٢١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ........ ل٢٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ........ ل٣٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ........ ل٣٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێزدە ........ ل٤٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ........ ل٤٢٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ........ ل٤٤٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ........ ل٤٩١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ........ ل٥٢١

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ١٨
مێژووی بڕیار: ٢٧/٩/٢٠٠٠

«بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٥)ی ڕۆژی (٢٧/٩/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)
یاسای ڕێکخستنی غەرامەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

یەکەم: هەر کەسێ ،لەکارێ لەم کارانەی خوارەوە تێوەگلێ بەم غەرامەیە سزا دەدرێ کە بەرامبەری دیاری کراوە:

١- ئوتومبێلێ بازۆێ لەوحەی تۆمارەکەی ڕوون و ئاشکرا نەبێ یا فەوتابێ غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.
٢- ئوتومبێلێ بازۆێ لەوحەی تۆماری نەبێ غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە.
٣- ئوتومبێلی گەورەی بارهەڵگر و هی ئینشائی و کشتوکاڵی یا پاسی گەورە، لە کۆڵانەکان یا شەقامەکانی ناوەوە و ناوچە نشینگەکاندا بەجێ بهێڵێ یان شەو لەو جێگایانەدا بیهێڵێتەوە، غەرامەکەی (٧٥) حەفتاوپێنج دینارە، بەڵام ئەوانە ناگرێتەوە کە ماوەیەک، هەر هەندەی بەشی بارداگرتن یان بارکردن بکات ئوتومبیلەکانیان دەوەستێنن.
٤- ئوتومبیل ڕاگرتن لەسەر شۆسە غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.
٥- ئوتومبێلێ لەجێگایەکدا بوەستێنێ کە بۆ وەستاندنی ئوتومبیل قەدەغە کرابێ، یا لەریزی دووەمدا «هاوشان» بیوەستێنی، غەرامەکەی «٥٠» پەنجا دینارە.
٦- ئاڵو واڵای ڕازاندنەوە، یا هی ڕاگەیاندن، یان نووسین و وێنە، لەسەر بۆدیی ئوتومبێل یان پەنجەرەکانی پێشەوەی یان دواوەی دابنێ، غەرامەکەی (٣٠) سی دینارە.
٧- شەوقی بەرز، بەجۆرێ هەڵکا، سەر لەشوفێری ئوتومبیلەکانی تر بشێوێنێ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.
٨- لەجادەکانی دەرەوەی شاردا، ئەو ئوتومبیلانەی پشتێنی دڵنیاییان تێدایەو، نەیانبەستبێ غەرامەکەی (١٠) دە دینارە.
٩- لەو جێگایانەدا، هۆرن لێ بدا کە پۆلیسی هاتوچۆ هۆرنلێدانی تێدا قەدەغە کردبێ، یان ئامێری هۆرنی هەوایی، یان هی هەمە ئاواز بخاتە کار، یان«سەمماعە»ی گەورە لەدەرەوەی ئوتومبیل دابنێ، یان هۆرن بەدەنگی بەرز لێ بدا، یا هۆرنی وەکو دەنگی گیانەوەران بەکاربێنێ، غەرامەکەی (٧٥) حەفتاوپێنج دینارە.
١٠- شووشەی لێڵ و چاوبەستی لە پەنجەرەکانی ئوتومبیلەکەی گرتبێ، غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە.

١١– پەردەی قوماش، یا پەردەی کانزای چاوبەستی لەشووشەکانی دواوە یا لەشووشەکانی لاتەنیشتی ئوتومبیلەکەی گرتبێ، غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە.
١٢– بەکەمتەرخەمی، یان بەلاساری ئوتومبیل بازۆێ، غەرامەکەی (٢٥٠) دووسەدو پەنجا دینارە.
١٣– هەر شوفێرێ بۆ ئیشارەتی گڵۆپەکانی هاتوچۆ، یان بۆ ئیشارەتی پۆلیسی هاتوچۆ ملکەچ نەبێ، غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە.
١٤– ئوتومبیل بەپێچەوانەوەی ئاراستەی هاتوچۆ، کەدەسەڵاتی هاتوچۆ دیاریی کردووە، بازۆێ، غەرامەکەی (٢٠٠) دوو سەد دینارە.
١٥– هەر شوفێرێ، لەشانی ڕاستەوە پێش ئوتومبێلێکی تر بکەوێ و بەهەڵە تێپەڕێ، غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە.
١٦– بەرزکردنەوەی باروبارخانەی ئوتومبێلی بارهەڵگر، بەرزتر لەو ئاستەی کە پۆلیسی هاتوچۆ دیاریی دەکا، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.
١٧– باروبارخانەی ئوتومبیلەکەی بەجۆرێکی توندو تۆڵی ئەوتۆ دانەپۆشیبێ کە نەیەڵێ لەکاتی ڕێ کردن یان لەرینەوەدا، بارەکەی بپەڕێ یا بڵاوبێتەوە، یان بەربێتەوە، غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە.
١٨– لەو جێگایانەوە پێچ بکاتەوە کە ڕێگای پێچ کردنەوەی پێ نەدراوە، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.
١٩– ئوتومبێل بەخێراییەک، زیاتر لەو خێراییە بازۆێ کە یاسا دیاریی کردووە، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.
٢٠– ئوتومبیلێ بازۆێ شەرتوشروتی توندوتۆڵی و دڵنیایی تێدا نەبێ «کەموکووڕی لە گڵۆپەکانی پێشەوە، یا دواوەی، یا ئیشارەتەکانی لاتەنیشتەکانیدا هەبێ»، غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە.
دووەم:
١– هەر یەکە لە ئەفسەری هاتوچۆ و قۆمیسەر (مفوض)ی تا پلەی دووەمی هاتوچۆ، دەسەڵاتی دادوەریان پێ دەدرێ، بۆ ئەوەی سزاکانی ئەو سەرپێچییانەی کە دەیگرن و لەبەندی (یەکەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە، بسەپێنن.
٢– ئەو بڕیاری حوکمەی کە ئەفسەری هاتوچۆ یان قۆمیسەری تا پلە دووی هاتوچۆ بەپێی ئەم فۆرمە (نموذج)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە، دەی دا، بڕدراوەیەو، هەر ئەوەیە.
سێیەم:
(٪٢٥)ی غەرامە فەورییە وەرگیراوەکان، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ کارمەندانی هاتوچۆ تەرخان دەکرێ.
چوارەم:
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، کاری پێ ناکرێ.
پێنجەم:
وەزیرە پێوەندارەکان، دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.
شەشەم:
ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی رەسمیدا، دەخرێتە کار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**